# هیگڵ و مێژوو:

هیگڵ دەربارەی داهاتوو، هیگڵ لە داهاتوودا





**سلاڤۆی ژیژەک**

و. وەلید عومەر، ڕوشدی جەعفەر

## پەیڤی وەرگێڕ:

ڕۆبێرت براندۆم (لەدایکبووی ساڵی 1950)، فەیلەسوفێکی هاوچەرخی ئەمریکاییە، زیاتر بە لێکۆڵینەوەکانی لە بواری فەلسەفەی زمان و پراگماتیزم ناسراوە، و هاوکات یەکێکە لە شرۆڤەکارە دیارەکانی هیگڵ و کتێبێکی هەشتسەد لاپەڕە شرۆڤەیی دەربارەی "فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح" نوسیوە؛ کتێبەکە بە ناونیشانی "ڕۆحی متمانە" لە 2019دا بڵاوبۆتەوە. ئەم وتارەی ژیژەک بریتییە لە ئاوڕدانەوەیەکی ڕەخنەیی لە هەندێک تێگە و تێزی سەرەکیی ناو شرۆڤەکەی براندۆم بۆ هیگڵ. براندۆم بە وتەی خۆی هەر لە یەکەم کتێبیەوە تاوەکو شرۆڤەکەی لەبارەی فینۆمینۆلۆژیاوە، هەوڵیداوە هەردوو نەریتی فەلسەفەی شیکاری و فەلسەفەی قارەیی ئاوێتەی یەکتر بکات، «...لە کارەکانی دواترمدا مەبەستم بوو ئایدیاڵیزمی ئەڵمانی و فەلسەفەی شیکاری پێکەوە کۆبکەمەوە، تاوەکو بە ڕۆحیەتێکی پراگماتیکییەوە گفتوگۆ لەگەڵ یەکتردا بکەن، ئەم کارەش لە کتێبی "ڕۆحی متمانە"دا گەیشتە ترۆپکی خۆی" (چاوپێکەوتن لەگەڵ براندۆم)». کەواتە، شێوازی مامەڵەکردنی براندۆم لەگەڵ هیگڵ- و فەیلەسوفەکانی دیکەش- شێوازێکی تێهەڵکێش و ئاوێتەییە، و هاوکات لەم ڕێگەیەش زیاتر پەرەی بە خولیا فیکرییەکانی خۆی لە کتێبەکانی پێشوویدا داوە.

سلاڤۆی ژیژەک، وەک فەیلەسوفێکی هیگڵی/لاکانی، گەرچی لە دەستپێکدا کتێبەکەی براندۆم بە "شاکار" ناودەبات، بەڵام لەکۆدا ناکۆکە لەگەڵ تێزی سەرەکیی کتێبەکەدا: ئەوەی گوایە لای هیگڵ ئایدیاڵێک بەدیدەکەین بۆ تێپەڕاندنی نامۆبوونی نێوان سوبێکت و کۆمەڵگا و ڕۆیشتن بەرەو قۆناغی "پۆستمۆدێرنە"- بەمانای قۆناغێک کە ناکۆکییەکانی مۆدێرنەی تێپەڕاندووە نەک "پۆستمۆدێرنە"ی هاوچەرخ. لێرەشەوە،

گوزارشتی "ئەو کەسانەی هێشتا نەبوونەتە هیگڵی"، کە ژیژەک دەیداتە پاڵ براندۆمیش، ئاماژەیە بۆ ئەو شرۆڤەکارانەی وا کرۆکی فەلسەفاندن و ئەرکی فەلسەفە لای هیگڵ نادیدە دەگرن؛ لەبری ڕۆڵی "کونەپەپوی مینێرڤا" ڕۆڵی "کەڵەشێری گالیکی"ــی بە فەلسەفەی هیگڵی دەدەن(کەڵەشێری گالیکی، کە هێمای شۆڕشە و بەرەبەیان دەقووقێنێت و فووی پیادەکات نەک لای ئێوارێ شتان بخەملێنێت). بە دەربڕینێکی تر، بەپێچەوانەی ئەوەی براندۆم دەربارەی ئیمکانی قۆناغی سێیەم، واتە قۆناغی تێپەڕاندنی ناکۆکی و نامۆبوون و گرفتەکانی مۆدێرنە دەیڵێت، ژیژەک پێیوایە لای هیگڵ ئەرکی فەلسەفە دەکەوێتە "دوای" ڕووداو نەک "پێش" ڕووداو. کونەپەپوی مینێرڤا (فەلسەفە) تەنیا لە خۆرئاوابووندا (لە دوای ئەوەی مێژوو ڕوویدا) لەوە تێدەگات کە ڕوویدا؛ فەلسەفە پێشبینی و پلانڕێژییەکی کۆگیر نییە، بەڵکو دوای "ڕۆژی ڕووداوەکان" دەستدەداتە شرۆڤەکردن. کاری فەلسەفە، کارێکی ڕیترۆئەکتیڤە (و هەڵبەت لای ژیژەک خۆی، وێڕای ئەم دیدە هیگڵییە، فەلسەفە و فەلسەفاندن ڕەهەندی تری تەواوکاریشی هەیە...) بەم جۆرە، بەپێی ژیژەک ئێمە ناتوانین سیستەمێکی شمولی لە هیگڵەوە هەڵگۆزین. بۆیەش ژیژەک دەڵێت من زیاتر هیگڵیم لەوەی مارکسی بم (بۆنمونە لە دیبەتەکەیدا لەگەڵ جۆردن پیتەرسۆنی سووکەڵەفام کە چاوەڕێی ئەوەی لێدەکرد وەک مارکسیەکی تەقلیدی بدوێت، بەڵام ژیژەک لەمەدا بێئومێدی کرد: دەکرێت ڕەهەندێکی تۆخی پێشبینیکاری و "ئەو شتەی ڕوودەدات" لە مارکسیزمدا بدۆزرێتەوە، بەڵام لای هیگڵ ئێمە سەروکارمان لەگەڵ مێژوو و ئەو شتەیە "کە ڕوویداوە"). بەسادەیی، وەکچۆن هەندێجار باسی "بەژیژەکیکردن"ی لاکان دەکرێت- تەفسیری ژیژەک بۆ لاکان- بە هەمانشێوە دەتوانین دەربارەی "بەژیژەکیکردنی هیگڵ" یان هیگڵی ژیژەکیش بدوێین. ئەگەر لەم دوو سەدەیەی

ڕابردوودا، هیگڵ وەک فەیلەسوفی ناچاری، حەتمییەت و دیالەکتیکێکی هەمەگیر و تۆتالیتارییەت مۆرکی لێدرابێت، ژیژەک بەپێچەوانەوە هیگڵ بە فەیلەسوفی "هەڵکەوت" و "کراوەیی بەڕووی داهاتوودا" دادەنێت. لەم ڕووەوە ژیژەک چەندین کتێبی دەربارەی هیگڵ نوسیوە کە دیارترینیان شاکاری "کەمتر لە هیچ"ـە. ژیژەک لە کۆتا کتێبیشیدا دەربارەی هیگڵ "هیگڵ و مێشکی سیمکراو" (2020)دا پرۆژە دیجیتاڵی و تەکنۆلۆژییەکان دەربارەی داهاتوویەکی "پۆستمرۆیی" و تاقانەیی، هەر لەڕێی فەلسەفەی هیگڵەوە بەکێشەدەکات. وەکبڵێی، ئەم هەوڵە تەکنۆلۆژییانە لەبنەڕەتەوە هەوڵگەلێکی دژەهیگڵی‌ن: با لەوەش گەڕێین کۆی ئەم کێشانە لای هیگڵ هەر قابیلی وێناکردنیش نەبوون و سەنگێکی ئۆنتۆلۆژییان نیە. مرۆڤ لێرەدا ختوکەی ئەوەی تێدەکەوێت بڵێت: لەهەمبەر ئەگەری دەستبەسەرداگرتنێکی "دیستۆپییانەی" داهاتوودا، ئەوە هیگڵە کۆمەکمان دەکات لە سنوری سوبێکتیڤیتە و ئازادیی مرۆیی و فریوەکانی مێژوو تێبگەین. وەک دەبینین، هیگڵی ژیژەک لە تێگەیشتن لە کێشە تەواو پۆستهیگڵییەکانیشدا وەک خاڵێکی مەرجەع و *بۆگەڕانەوە* دەمێنێتەوە.

بە ڕای ژیژەک، هەم ڕەخنەگرەکانی هیگڵ و هەم هەندێک لە هیگڵییەکانیش لەوەدا بەهەڵەداچوون کە سیستەمێکی شمولی و داخراو و سەنتێزێکی دوایین لە هیگڵدا دەبینین. پێیوایە دەکرێت سیستەمێکی ئاواهی لای مارکس بدۆزرێتەوە، بەڵام هیگڵ لەبنەڕەتەوە درزێکە لە دڵی ئەم شمولییەتەدا. دیسانەوە ئەم شمولییەتەی ستالینیزمیش بە چاویلکەی نیولیبراڵیزمەوە ناخوێنرێتەوە، لە چاوپێکەوتنێکی سەروەختی بزووتنەوەی "وۆڵستریت داگیر بکەن"دا ژیژەک ڕەخنەی ئەوەی لە مێژوونووسە لیبراڵەکانی وەکو کارڵ پۆپەر و هتد دەگرێت، کە مەسەلەکە ئەوە نییە زۆر توند ڕەخنەیان لە ئەفلاتۆن و "دوژمنەکانی تری کۆمەڵگای کراوە" گرتبێت، بەڵکو

ڕێک بەپێچەوانەوە بەهۆی گشتیگیری و قەتیس‌مانەوەیان لە چوارچێوە لیبراڵەکەدا نەیانتوانیوە "ڕەخنەی کافی لە ڕژێمی ستالین" بگرن... کەواتە ژیژەک وەک فەیلەسوفێکی هیگڵی، پێیوایە لە دەرەوەی ئەم گشتگیری و قەتیسبوون و خراپ‌خوێندنەوانەوە، هیگڵ "کراوەترین" فەیلەسوفە بەڕووی داهاتوودا. بە دەربڕینێکی تر، پەیوەندیی فەلسەفە بە مێژووی جیهانەوە، پەیوەندییەکی درەنگ‌وەختە. لەو سۆنگەیەشەوەیە، لەبەر ڕەچاونەکردنی ئەم دیوەی هەڵکەوتی ڕیشەیی، ژیژەک شرۆڤەکەی براندۆم بە "ناهیگڵی" دادەنێت. ژیژەک دیسان لە پەیوەند بە ستالینزمەوە، دیوێکی کێشەداری تێگەکەی براندۆم دەرهەق بە "ئاشتکردنەوە"ی سوبێکتیڤیتە و Sittlichkeitزەقدەکاتەوە: ئاخۆ ئەگەر بڕیارە ئەم نامۆبوونە بونیادییەی مۆدێرنە تێپەڕێنرێت، سەرکێشان نییە بۆ پرۆژەیەکی تۆتالیتاری ستالینی نەک ئاشتبوونەوەیەکی پاش‌مۆدێرنیتە؟ ئاخۆ هەوڵدان بۆ سڕینەوەی تەواوەتی نامۆبوون سەرناکێشێت بەرەو قوتکردنەوەی نامۆبوونی ڕەها؟ ژیژەک لەجێی تردا بەتەوسێکی وروژێنەرەوە دەربارەی "نامۆبوونی باش" دەدوێت. تەنانەت "کۆمۆنیزمی ژیژەکی"ش، بە مانای پڕبەپێستی وشەکە، بریتی نییە لە پرۆژەیەکی چاوەڕێکراو و پۆزەتیڤ بۆ ئاینده، بەڵکو ناوێکە بۆ پێشبینی‌هەڵنەگریی داهاتوو (گەر باسی هەوڵە کۆمۆن و دەستەجەمعییەکان و پرسەهاوبەشەکان نەکەین).

ئەم پرسەی "کراوەییە"ی هیگڵ دەرهەق بە داهاتوو، پەیوەستە بە کۆمەڵێک چەمکی وەکو هەڵکەوت و زەروورت ڕیترۆئەکتیڤیتە (retroactivity) کە ژیژەک لەم نوسینەدا دیوە هەمەچەشن و ئاڵۆز و بگرە "پارادۆکسە واقیعی و ئەخلاقییەکانی ڕیترۆئەکتیڤیتە"ش دەپشکنێت لە پەیوەست بە پرسی بەخشین و لێخۆشبوونەوە. ڕیترۆئەکتیڤتە (نیگای پاشەوپاش) لە سەرەتاییترین مانایدا ئاماژەیە بەوەی ئەو شتەی

لە دەمی ڕووداندا وەک هەڵکەوت و ڕێکەوت دێتەبەرچاو، دوای ڕوودان و جێگرتنی حاڵەتی زەرووڕەت دەگرێتەخۆی. شتێک پاش ئەوەی ڕوودەدات، بەشێوەیەکی پاشەوپاش، ئیمکانی خۆی دەسازێنێت، یان وردتر ڕێکەوتێک کە زەرووڕەتی هەبوونی خۆی دادەڕێژێت. بە دەربڕینێکی تر، زەرووڕەت دوای ڕووداوەکان بەدیدەکرێت نەک پێش ڕووداوەکان. بەم جۆرە، ڕیترۆئەکتیڤتە بریتییە لە لۆژیکی دیالەکتیک .

لەم پنتەوە، باسەکە پەیوەست دەبێت بە "بیرهێنانەوەی بەخشەرانە". لای هیگڵ ئەوە تەنیا لای کەسی بەدکار نییە خراپە بەدیدەکەین، بەڵکو لەنێو نیگای ئەو کەس و داوەرانەشدایە کە لە هەموو جێیەکدا خراپە دەبینین. کەواتە، کەسی داوەر بەپێی "ڕەنگدانەوە"، دەگات بەوەی نە خۆی تەواو بێبەرییە و نە بەدکارەکەش لە دەرەوەی لێخۆشبوونە. ژیژەک دیوە جۆراوجۆرەکانی ئەم تێگەیە- کە ڕۆڵێکی سەنتراڵی بەنیسبەت تێزەکەی براندۆم هەیە- دەپشکنێت و ڕەپتیدەکاتەوە بە کۆمەڵێک پرسی وەک لیاقەتی سیاسی و هۆلۆکۆست و هتد. ئەمەش هەم بۆ کردەکیکردنەوەی تێزەکە و هەم بۆ نیشاندانی سنورەکانیشی. ژیژەک، هەمیشە هیگڵ دەکاتەوە بە فەیلەسوفی سەرسنورەکان.

سەبارەت بە واقیعی کوردییش، ڕەهەندی مێژوویی هێند لاوازە کە ڕەنگە هەڵەنەبین گەر بڵێین "کورد بەگشتی تاقەتی باری مێژووی نیە". کورد هەر بەبێ مەبەست ڕابردووی خۆی بیردێنێتەوە و چەشنی گێڕانەوەیەکی ئاسایی وازی لێدێنێت. ڕەنگیشە هی ئەوە بێت جارێ دەسەڵاتی "بەخشین"ــی نیە، چونکە لەبنەڕەتدا ناتوانێت شت نەبەخشێت و لێخۆشبوونی نەبێت. ئەمە بە ڕووی دەرەوەدا وایە، بەڵام لەئاست خانە ناوخۆییەکانی خۆی، ڕق ڕەهەندێکی زاڵێتی. ڕق لێرەدا چەمکێکی سادەی سایکۆلۆژی

نیە، بەڵکو خەسڵەتێکی ئۆنتۆلۆژییە و بۆ ئەوەی یەکێک لەم خانە ناوخۆییانە بوونی هەبێت ئەوا پێویستدەکات "ئەویتر" جێی ڕق و نەفرەت بێت. ئەم ئەویترە، لە تاکەوە بۆ حیزب و شوناسە کۆمەڵایەتییەکان و گرووپە دینییەکان ڕاستە. لەبەر ئەمەشە بەزەحمەت کەسێک لەنێوان ئێستا و ڕابردووی خۆیدا، ئەرگۆمێنتی ڕێک و درێژەپێدەری بۆ دەدۆزرێتەوە و کە "سەنگەر دەگۆڕێت"، خاڵی گۆڕانەکە پرۆسەیەکی دیالەکتیکی ناخولقێنێت بەڵکو ساتی شەرم و ڕق لە ڕابردوو دەئافرێنێت. لێخۆشبوون و بەخشین کاتێک هەقی خۆی وەردەگرێت کە مێژوو بەپێی پێویست بجووڵێت و لەناوەوە خۆی نوێ بکاتەوە. ئەمەش ئەو شتەیە ئێمە وەک کورد لە هەژارترین ڕوویداین. شت ڕوودەدات و زنجیرەی هەواڵەکان دێن و دەچن، بەڵام مێژوو شتێکی لەمە زیاترە. مێژوو، ناوی جۆرە خەسڵەتپێدانێکی ڕێکەوتە کە دواتر تێدەگەین زنجیرەی ڕێکەوتەکان بریتیین لە زەروورەت. مێژووی ئێمە(بەکەمێک وریاییەوە لە بەکارهێنانی چەمکەکەدا)، تەواو کراوە نیە بەڕووی هەڵکەوت و ڕێکەوتە خۆڕسکەکاندا و بەر لەوە زەروورەتێکی ئاسنین لەگۆڕێدایە. ئەمە قسەی زۆر هەڵدەگرێت و ئێرە جێی نیە، بەڵام هێند هەیە لەوە تێبگەین **بیرهێنانەوە** لە فەلسەفەدا کردەیەکی مت و خەسیو نیە بەڵکو خۆی پرۆسەی درووستکردنەوەی یادەوەرییە. لەم نوسینەدا، بیرهێنانەوە بریتییە لە گۆڕینی بیرهێنانەوەکەش.

❊❊❊ ❊❊❊ ❊❊❊

## دەقەکە:

دەمەوێت بەرگری لەو بانگەشەیە بکەم کە هیگڵ کراوەترین فەیلەسوفە بە ڕووی داهاتوودا، کتومت لەبەرئەوەی بەئاشکرا ڕێ لە هەر پرۆژەیەک دەگرێت دەربارەی ئەوەی داهاتوومان دەبێت چۆن بێت. وەک ئەوەی لە کۆتاییەکانی "پێشەکی"یەکەی بۆ "فەلسەفەی ماف" (1820)دا دەڵێت، فەلسەفە تەنیا دەتوانێت "خۆڵەمێشی لەسەر خۆڵەمێشی[1]" ڕەنگرێژبکات، و "کونەپەپووی مینێرڤا تەنیا لە دەمی داکەوتنی تاریکیدا لە شەققەی باڵ دەدات". ئەمەش واتە فەلسەفە تەنیا بەشێوەی نیگای ڕووەودوا[2] فۆرمێکی ژیان، کە پێشوەختە گەیشتووەتە ترۆپکی خۆی و داتەپیوە، وەردەگێڕێتە سەر نەخشەیەکی چەمکییانەی "خۆڵەمێشی" (بێگیان)- کە خۆیشی دەبێتە "خۆڵەمێشی". ئەگەر سادە و دڵڕەقانە ئەمە داڕێژینەوە وای لێدێت: هەر لەبەر ئەوەشە دەبێت هەموو ئەو خوێندنەوانەی هیگڵ ڕەتبکەینەوە کە لە هزری ویدا مۆدێلێکی شاراوە بۆ کۆمەڵگایەکی ناو داهاتوو بەدیدەکەن؛ کۆمەڵگایەک گوایە لەگەڵ خۆیدا ئاشتبووەتەوە و نامۆبوونەکانی مۆدێرنەی تێپەڕاندووە. من ئەم خوێنەر و شرۆڤەکارانەی هیگڵ ناودەنێم: "**ئەو کەسانەی هێشتا نەبوونەتە هیگڵی**[3]".

بە بڵاوکردنەوەی نوێترین شاکاری خۆی بە ناونیشانی "ڕۆحی متمانە[4]" (2019)، ڕۆبێرت براندۆمی فەیلەسوفی ئەمریکایی لەوانەیە خۆی خستبێتە ڕیزی دیارترین "ئەو کەسانەی وا هێشتا نەبوونەتە هیگڵی". لای ئەو، هیگڵ ئایدیاڵێک دەخاتەڕوو کە ئێمە هێشتا پێی نەگەیشتووین: "وانە سەرەکییە پۆزەتیڤ و کردارییەکەی شرۆڤەی هیگڵ

---

[1] grey on grey
[2] Retrospectively
[3] not-yet-Hegelians
[4] The Spirit of Trust

دەربارەی سرووشتی مۆدێرنە، کە بەرهەمی تێگەیشتنی ئەوە لە تاکە ڕووداوە مەزنەکەی مێژووی مرۆڤایەتی، بریتییە لەوەی گەر بێتو بەدرووستی لە دەسکەوت و شکستەکانی مۆدێرنە تێبگەین، ئەوا دەتوانین بەپێی وان شێوازگەلێکی خودئاگایی، پراکتیس و دامەزراوەی نوێ و باشتر بنیاتبنێین: شێوازگەلێک وا لە ڕووی پێوەرییەوە باڵاترن، چونکە خودئاگاییەکی[5] گەورەتر بەرجەستە دەکەن، تێگەیشتنێکی قووڵتر لەو چەشنە بوونەی کە هەین" (ل456).

براندۆم هاوتەریب بەمە سێ قۆناغی گەشەکردنی مێژوویی و ئەخلاقی دەخاتەڕوو. لە قۆناغی یەکەمدا- کۆمەڵگا نەریتییەکان- ئێمە *Sittlichkeit*مان هەیە (زاراوەیەکی هیگڵییە مانای ئەوە دەگەیەنێت نەزمێکی ئاکاری باو و داکەوتوو وەک ڕاستییەکی سەر بە سرووشت پەسندەکرێت) بەڵام هیچ سوبێکتیڤیتەیەکمان نییە بە مانا مۆدێرنەکەی (یان وەک دەکرێت پێیبڵێین: تاکەکەسێتی). لە قۆناغی دووەمدا، نامۆبوون هەیە: سوبێکتیڤیتەی مۆدێرن ئازادیی خۆی بەدەستدەهێنێت بەڵام لە بناغە ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگاکەی نامۆبووە. دواجاریش، لە قۆناغی سێیەمدا، کە بەڕووکەش لە ئاسۆدا دەبینرێت، فۆرمێکی نوێی*Sittlichkeit*مان دەستدەکەوێت کە لەگەڵ سوبێکتیڤیتەی ئازاددا دەسازێت:

براندۆم دەنوسێت: «هیگڵ لە سەروبەندی نوسینی *فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح*دا، وەها دەڕوانێتە گایست [[ڕۆحی جیهانی]] ئەوەتا لە دەستپێکی خۆقایمکردن و چەسپاندنی خۆیەتی لە قۆناغی دووەمدا. کتێبەکە بۆ ڕەخساندنی ئەو فۆرمە پۆستمۆدێرنەی خودئاگایی بۆ خوێنەرەکانی دانراوە کە هیگڵ پێیدەڵێت "زانینی موتڵەق( Absolute Knowing)»"، و بەم جۆرەش ڕێگە بەرەو قۆناغی سێیەم خۆشبکات. فۆرمە نوێیەکەی

---

5 self-consciousness

خودئاگاییە فەلسەفییە ئاشکراکە تەنیا دەستپێکی پرۆسەکەیە، چونکە پراکتیس و دامەزراوەی نوێش پێویستن بۆ زاڵبوون بەسەر نامۆبوونی بونیادیی ژیانی مۆدێرنەدا" (ل458).

بەڕاست؟ ئەگەر وایە کەواتە ئەی چی دەبێ دەربارەی پێداگریی هیگڵ لەسەر ئەوەی فەلسەفە تەنیا دەتوانێت "خۆڵەمێشی لەسەر خۆڵەمێشی" ڕەنگڕێژبکات، چونکە هاوشێوەی کونەپەپووی مینێرڤا تەنیا لە دەمی زەردەپەڕدا دەفڕێت- بەو مانایەی فەلسەفە تەنیا  لەدوای ڕوودانیەوە لە مێژوو تێدەگات؟ ئا لێرەدا براندۆم وەکو مارکس دەدوێت نەک هیگڵ: لای براندۆم زانینی موتڵەق وەکو قوقاندنی کەڵەشێری گالیکییە لە بەرەبەیانێکی تازەدا(وەکئەوەی مارکس دەربارەی بیرکردنەوەی شۆرشگێڕانە وتوویەتی). ئەم زانینە ڕێگە بۆ قۆناغێکی کۆمەڵایەتیی نوێ خۆشدەکات، ئەو دەمەی "پراکتیس و دامەزراوەی نوێش پێویستن بۆ زاڵبوون بەسەر نامۆبوونی بونیادیی ژیانی مۆدێرنەدا".

سێ قۆناغەکەی براندۆم لەپاڵ دوو تەوەرەوە داهێنراون: *Sittlichkeit*  یان نەبوونی *Sittlichkeit* و سوبێکتیڤیتەی ئازادی مۆدێرن یان لەئارادانەبوونی سوبێکتیڤیتە. ئەمەش (*Sittlichkeit*  بەبێ سوبێکتیڤیتەی ئازاد) بە کۆمەڵگای نەریتی دەدات، (سوبێکتیڤیتەی ئازاد بەبێ *Sittlichkeit*) بە کۆمەڵگای مۆدێرن و ( *Sittlichkeit* لەگەڵ سوبێکتیڤیتەی ئازاد)یش بەو کۆمەڵگا پۆستمۆدێرنەی بەڕێوەیە. براندۆم دەمودەست پرسیار دەربارەی پێگەی شیمانەی چوارەمیش قوتدەکاتەوە، کە لەگەڵ هیچکام لەم سێ قۆناغەدا ناسازێت: بارودۆخێک کە نە *Sittlichkeit*و نە

سوبێکتیڤیتەی ئازادییشی تێدایە. ئەو دەپرسێت: "ئاخۆ ئایدیای نامۆبوونی پێشمۆدێرنە لە چیدا هەڵەیە؟" (ل458).

بەڵام بۆچی براندۆم لەخۆوە غیابی سوبێکتیڤیتەی ئازاد وەک شتێکی "پێشمۆدێرنە" دەخوێنێتەوە؟ ئەی چی بڵێین دەربارەی بژاردەیەکی پڕبەپێستی پۆستمۆدێرنەی لەدەستدانی سوبێکتیڤیتەی ئازاد، و وێڕای ئەوەش هێشتا هەر بەنامۆمانەوە لە ئاکاری کۆمەڵگا؟ ئاخۆ تۆتالیتاریزم هەر ئەوە نییە؟ ئاخۆ ئەمە ئەو بارودۆخەش نییە کە ئێمە هاوشان بە دەسەڵاتگەرایی دیجیتاڵیزەکراو[6] لێی نزیکدەبینەوە؟ ئایا ئەمە بەرچاوڕوونییەکی هیگڵیانەی واقیعی نییە دەربارەی دیالەکتیکی مۆدێرنە؟ ئێمە دەمانەوێت بەسەر کەلێنی نێوان ئاکاری کۆمەڵگا و سوبێکتیڤیتەی ئازاددا زاڵبین کە چیتر ئەم ئاکارە بە هی خۆی دانانێت؛ بەڵام لەبری ئەوەی لە جۆرە یەکێتییەکی تێهەڵکێشییانەی باڵاتردا پێکەوە گردوکۆیان بکەینەوە، هەردووکیان لەدەستدەدەین. بۆنمونە، ئاخۆ ستالین بەڵێنی نەدەدا سەنتێز و تێهەڵکێشێک لەنێوان ڕۆحیەتی کۆمیوناڵ و دەستەجەمعیی بەهێز و تاکەکەسێتیی ئازاددا بەگەڕبخات، و بەڵێنی ئازادیی کردەیی دەدا؟ ئاخۆ دەرەنجامی ئەمەش بریتی نەبوو لە لەدەستدانی خودی ئازادی، ئەویش لە کۆمەڵێک هەلومەرجدا کە نامۆبوونی گشتی باڵی بەسەردا کێشابوو؟

---

[6] Digitalized authoritarianism

## پێشێلکاری و لێخۆشبوون

لای براندۆم کلیلی قۆناغی سێیەمی کۆمەڵگا- سوبێکتیڤیتەی ئازادی یەکخراو لەگەڵ ئاکاردا- بریتییە لە تێگەی "بیرهێنانەوەی بەخشەرانە" (recollection forgiving) کە هیگڵ لە کۆتایی فەسڵی تایبەت بە ***ڕۆح*** لە فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح (1807)دا بەکاریهێناوە. ئەو کەلێنەی سوبێکتی کردەنوێن لە "داوەرە توند"ـەکانیان نامۆدەکات بەهۆی ئاشتبوونەوەوە تێدەپەڕێنرێت، تەنیا بەهۆی ئەو بریکارەوە بەدەستنایەت وا دان بە گوناهەکەی خۆیدا دەنێت بەڵکو بەهۆی ئەو داوەرەشەوە کە دان دەنێت بە هاوپشکی و بەشداریی خۆی لەو شتەی ئیدانەیدەکات، چونکە وەکئەوەی هیگڵ دەیڵێت: "خراپە بریتییە لەو نیگایەش کە خراپە لە هەموو شتێکی چواردەوری خۆیدا بەدیدەکات".

تێگەکەی براندۆم سەبارەت بە **بیرهێنانەوەی بەخشەرانە** لەمڕۆدا هێجگار بەکەڵکە. توانامان پێدەبەخشێت لەوە تێبگەین چ شتێک لای هەندێک لەو کەسانە هەڵەیە وا پشتگیریی "تۆلێرانس(لێبوردەیی)" دەکەن و "ئاخاوتنی ڕق یان ڕقاوی" ڕەتدەکەنەوە. ئاخۆ کەسێکی لە ڕووی سیاسییەوە درووست[7]، کە بەتوندی ئەو کەسانەی تۆمەتبارن بە پیادەکردنی "ئاخاوتنی ڕقاوی" سەرکۆنەدەکات، حاڵەتێکی نمونەیی و هاوچەرخی بڕیاردانی ئاکاریی زبر نییە؟ هەمووومان دەزانین ئەم جۆرە حوکم و بڕیارانە چەندە بەپەلەپڕووزکێ و دڵڕەقانەن- وشەیەکی هەڵە یان نوکتەیەکی بە نەشیاو دانراو، و ئیدی دوور نییە پیشەکەت تیابچێت. بیر خۆتانی بهێننەوە لەم دواییانەدا چی بەسەر دەیڤد ئێڵدشتاینی ڕەخنەگری فیلمدا هات. ئێڵدشتاین لە پەیوەند بە مەرگی بێرناردۆ

[7] Politically correct

بێرتۆلوچی، دەرهێنەری فیلمی "دواهەمین تانگۆ لە پاریس[8]"، نوکتەیەکی کەمتاکوت بێتامی لەسەر پەڕە تایبەتەکەی خۆی لە فەیسبوک بڵاوکردەوە، هاوشان بە [وێنەیەکی] بەدناوترین دیمەنی فیلمەکە لەنێوان ماریا شنایدەر و مارلۆن براندۆدا. ئیڵدشتاین بەخێرایی پۆستەکەی سڕییەوە- پێش ئەوەی نارەزایەتییە گشتییەکە بتەقێتەوە، نەک وەک کاردانەوەیەک بە ڕووی نارەزایەتییەکی وەهادا! بەڵام مارتا پلیمپتۆنی خانمەئەکتەر دەستبەجێ ئەم تویتەی بۆ فۆڵۆوەرسەکانی گێڕایەوە: "ڕاستەوخۆ، دەریکەن". ئەمەش ڕۆژی دواتر ڕوویدا: Fresh Air و NPR ڕایانگەیاند پەیوەندییان لەگەڵ ئێلدشتایندا پچڕاندووە، چونکە ئەو پۆستەی لە فەیسبوکدا کردبووی "پێشێلکارانە و سوکایەتیکەر و قبوڵنەکراوە، بەتایبەت بە ڕەچاوکردنی ئەزموونی [بە وتەی خۆی غەمهێن و پڕسوکایەتی] ماریا شنایدەر لەمیانەی وێنەگرتنی فیلمی *دواهەمین تانگۆ لە پاریس*دا".

کەواتە ئاخۆ لێکەوتەکانی ئەم ڕووداوە چین (یان با بڵێین ئەو ڕێسا نەوتراوانە چین لەم ڕووداوەوە فێریاندەبین)؟ لاورا کیپنس سەرنجی ئەوەی داوە، یەکەم، "هیچ شتێکی بێمەبەست و بێموبالات دەرهەق بەم پێشێلکارییە بێمەبەستانە لەئارادا نییە" (گاردیان، 2018/12/22). بە دەربڕینێکی تر، ناکرێت ئەم شتانە وەک هەڵەگەلێکی کاتی و ڕاگوزەر، پۆزشیان بۆ بهێنرێتەوە؛ بەڵکو دەبێت وا مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت کە کەسایەتییە ڕاستەقینەکەی پێشێلکارەکە نیشاندەدەن. هەر لەبەر ئەمەشە تەنیا ئیهانە و پێشێلکارییەکی لەم چەشنە پەڵەیەکی هەمیشەییە لە دژتدا، ئیدی چەندە بڕوبیانووش بهێنیتەوە: "یەک هەڵە و ئیدی تێدادەچیت. یەک پۆستی هەڵەشە لە

---

[8] Last Tango in Paris

تۆڕی کۆمەڵایەتیدا شازدە ساڵ پێشینەی پڕ دەسکەوت[9] تێدەپەڕێنێت [وادیارە لاورا کیپنس ئاماژە بۆ ئەوە دەکات چۆن شازدە ساڵ کارکردنی ئێلدشتاین لەگەڵ NPRدا، وەک ڕانەر و ڕەخنەگری فیلم، بەهۆی نوکتەیەکی بێتامەوە کۆتاییهات، کە لای کەسانێک درووستیی سیاسیی ڕەچاونەکردبوو و ئاماژەیەکی گاڵتەجاڕانەی بە دیمەنی دەستدرێژی لە فیلمەکەدا کردبوو، هەر لەوێدا باسی ئەوە دەکات "هەموو کاتێک کاتی کۆمپانیایە"] ". تاکە شتێک کە ڕەنگە کۆمەکت پێبکات بریتییە لە پرۆسەیەکی درێژمەودای خۆپشکنینی خودڕەخنەیی: "شکستهێنان لە سەلماندنەوەیدا، لە تاوان دژی ژنانت تێوەدەگلێنێت". دەبێت دووبارە و دووبارە بیسەلمێنیتەوە چونکە تۆ، وەک پیاوێک، بەشێوەیەکی پێشینەدار، نابێت متمانەت پێبکرێت ("پیاوان چی بێتە سەر زاریان سڵی لێناکەنەوە").

ئاخۆ لێرەدا "بیرهێنانەوەی بەخشەرانە" چ مانایەک دەگەیەنێت؟ تۆمەتبەخشەکان نابێت تەنیا لە سنووربەزێن و پێشێلکارەکە خۆش بن کە بەرپرسیارە لە "ئاخاوتنە ڕقاوی"یەکە؛ بەڵکو دەبێت دان بە ڕقی خۆیشیاندا بنێن و دەستیشی لێهەڵگرن. ئێمە بەئاسانی ڕقێکی بێشومار بەدیدەکەین لەم خواستە بەرپێنەگیراوانەی سەر بە درووستی و لیاقەتی سیاسی، کە داوای سزای دەستبەجێ دەکەن: لەم حاڵەتەدا، بێئەملاوئەولا ڕقەکە زیاترە لەو ڕقەی لە کردە سەرکۆنەکراوەکە خۆیدا هەیە. دارشتنەوەیەکی وتەکەی[10] هیگڵ دەربارەی خراپە پڕاوپڕی ئێرەیە: "ڕق لەو نیگایەدا جێی گرتووە کە لە هەموو شوێنێکدا ڕق بەدیدەکات."

---

[9] Track record

[10] Dictum

بێشک زۆربەی ئاخاوتنی ڕقاوی لەخۆباییبوونێکی سەردەستانە، ئایرۆنیی دڵڕەقانە و هتد نیشاندەدات، بەڵام بەدەگمەن ڕقێکی پەتییە. هەر لەم سۆنگەیەشەوە تۆمەتبارکردنێکی زبر لە پەیوەند بە درووستیی سیاسی، بە هەڵە وا دردکەکرێت کە پیادەکردنێکی بناغەداری دادپەروەرییە. ئەو کەسانەی ئەم چەشنە تۆمەتبارکردنە ئەنجامدەدەن، ئەزیەتی ئەوە نادەنە بەر خۆیان ئەو تێهزرینە داڕێژنەوە وا دنەی کەسە پێشێلکارەوەکەی داوە. بۆنمونە لەوانەیە ئێلدشتاین پۆستە فەیسبووکییەکەی بە قۆشمەییەکی بێتام دانابێت نەک سوکایەتی و پێشێلکاری. ئەمەش ئەو مانایە دەگەیەنێت ئێمە ئەوەتا لەبەردەم دووانەییەکداین: دەربارەی ئەوەی شتەکان لە ئاگایی کەسە پێشێلکارەکە خۆی چۆنن و "لە خودی خۆیشیان"دا هەر چۆنن- بەو مانایەی لە دیدی دادوەر یان کەسە پێشێلکراو و سوکایەتیپێکراوەکەدا چۆنن. هەمان کەلێن لە پەیوەست بە دادوەریش لەگەڕدایە- واتە ئەو دادوەری وا لێپێچینەوە لە کەیسێکی درووستیی سیاسی دەکات. گەرچی لێرەدا کەلێنەکە لەنێوان ئەوەیە شتەکان لە ئاگایی ئەودا چۆنن ("من تەنیا بڕیارێکی ڕەوا دەردەکەم")، و شتەکان "لە خودی خۆیاندا" چۆنن (نیشاندانی ڕق بە ئامانجی تێکوپێکشاندنی ژیان یان پیشەی پێشێلکارەکە).

با نمونەیەکی دیکە بهێنینەوە. ستیڤ مارتین، لە کانونی یەکەمی 2016دا، دوای ئەوەی هەواڵی مردنی کتوپڕی "کاری فیشەر"ـی پێدەگات، ئەم تویتەی کرد: "لە گەنجییمدا، کاری فیشەر جوانترین مەخلوقێک بوو بینیبێتم. ئەو سەرەنجام کەسێکی زیرەک و قسەخۆش و درەوشاوەشی لێدەرچوو". ئەم تویتە کاردانەوەیەکی دەستبەجێی بەدوادا هات. مارتین تۆمەتبارکرا بە "بەشتکردن و بەئۆبێکتکردن"ـی فیشەر، بە تەرکیز خستنەسەر لەشولاری لەجیاتیی بەهرەکانی یان کاریگەرییەکەی-

بەکارهێنەرێکی تویتەر ئاوا وەڵامیدایەوە: "پێموایە پێویستدەکات وەها هەڵسەنگێنرێت کە باڵاترە لەوەی تەنیا قەشەنگ بێت و بەس. تۆ دەتەوێت چۆن یادبکرێیتەوە؟" بۆیە مارتین تویتەکەی سڕییەوە... بەڵام شتێکی ئاسانە لێرەدا تێهزرینەکەی مارتین داڕێژینەوە: ئەو دەیویست لەودیوی جوانییەکەیەوە ڕێز لە فیشەر بگرێت: ئەو شەیدابوونی خۆی بە جوانییەکەی فیشەر دەگەڕێنێتەوە بۆ بەرکەوتنە سەرەتاییەکانی، دواتر دەمودەست بەرەو هەندێک سیفەتی وەک "زیرەک، قسەخۆش و درەوشاوە" لادەدات: کەواتە  کرۆکی مەبەستی تویتەکەی ئەوەیە فیشەر زیاتر بوو لەوەی تەنیا کەسێکی قەشەنگ بووبێت. هەڵوێستێک لە سۆنگەی "بیرهێنانەوەی بەخشەرانە"وە لەوەدا سەرزەنشتی مارتین دەکات کە حسێبی بۆ پاشهاتی تویتەکەی نەکردووە، بەڵام هێشتاش هەر لێی دەبورێت، تەنیا داوای ئەوەی لێدەکات دەبێت ڕێزگرتنەکەی لە فیشەر "ئاوفهیبونگ بکات) [11]. ئەمەش لەڕێگەی دارشتنی بە شێوازێکی شیاوتر. بەڵام هیچ شتێکی ئاواهی لە تۆمەتبارکردنی خێرادا ڕوونادات. ئەم جۆرە تۆمەتبارکردنە تەنیا بەئۆبێکتکردنێکی پیاوانە و شۆڤێنیبوونی ژنان لە تویتەکەیدا بەدیدەکات.

---

[11] Sublate

زاراوەیەکی هیگڵییە، بە مانای نەفی و هاوکات هەڵگرتنەوە و پاراستنی نەفیکراوەکەش دێت.

# سنورەکانی لێخۆشبوون

بەڵام تێگەی "بیرهێنانەوەی بەخشەرانە" سنوری ئاشکرای خۆیشی هەیە. دیسان بۆ ئەوەی بێڕەحمانە سادە بم وەها دێمەگۆ: ئاخۆ دەتوانین "لە ڕووی بیرهێنانەوەوە لە هیتلەر خۆش بین و بیبەخشین"؟ ئەگەر وەڵامەکەش نەخێرە، ئایا ئەمە لەبەر ئەوەیە هیتلەر شیاوی لێخۆشبوون نییە، یان چونکە ئێمە خۆمان هێشتا لە ئاستێکی هێند باڵای ڕەنگدانەوە و تێڕامانی ئەخلاقیدا نین تا لێی خۆش بین؟ تاکە ڕێگا بۆ ئەنجامدانی ئەوە، کە خۆی لە گەڕانەوە بۆ پێگەی "گیانی جوان" لادەدات وا ئەمیان لە پێگەی دابڕاوییەکی بێلایەنەوە بڕیار دەردەکات، بریتییە لە دەستدانە بژاردەی دووەم: واتە ئەوەی کە مۆرکلێدانی سزابارانەی هیتلەر بە خراپە لەلایەن ئێمەوە، خەسڵەتپێدانێکی ڕەنگدەرەوەی [12]خراپەیە لە هەناوی خۆماندا. بە دەربڕینێکی تر، ئەم سزادانەی هیتلەر وەک خراپەکار دۆخی نارەنگدەرەوەی ئەو پێگەیە پیشاندەدات وا بڕیاری لێوە دەردەکەین.

لێگەڕێن لەوە وردبینەوە، لەمڕۆدا زۆرێک لە نۆژەنگەراکانی [13]سەر بە باڵی ڕاستی پەڕگیر هەوڵی کاراکردنی "بیرهێنانەوەی بەخشەرانە" دەرهەق بە هیتلەر دەدەن. ئەوان دەڵێن، بەڵێ، هیتلەر هەڵەی تۆقێنەری کردووە؛ تاوانی ترسناکی ئەنجامداوە؛ بەڵام سەرەنجام لەمیانەی ئەم کارانەدا تەنیا لەپێناو پرس یان هۆکارێکی باشدا دەجەنگا (واتە دژی دارزانی سەرمایەدارانە کە لە جوولەکەکاندا بەرجەستەببوو)، گەرچی ئەم جەنگینەی بەشێوەیەکی هەڵە ئەنجامدا. نۆژەنگەراکان هەوڵیش دەدەن بەشێوەیەکی زڕەهیگڵی بەرپرسیارێتییەکە هاوسەنگ بکەن: ئاخۆ تاوانەکانی هیتلەر ڕەنگدانەوەی

---

[12] Reflexive determination

[13] Revisionists

تاکلایەنیی پێگەی جوولەکەکان نیە- هەڵوێستە بەرتەسک و وەدەرنەرەکەیان[14]، بێمەیلییان بۆ تێهەڵکێشبوون بە نەتەوەی ئەڵمانی؟ بەڵێ، دەکرێت بەئاسانی نوسخەیەکی عەقڵانیتر و ناڕاسترەو و نانۆژەنگەرا دارێژین دەرهەق بەوەی چۆنچۆنی ئێمە کە نازیزم سەرکۆنەدەکەین، دەبێت داوای لێخۆشبوون بۆ ئەو خراپەیەش بکەین ئەوەتا لە گۆشەنیگای خۆماندایە. بۆنمونە، "دژەسامیزم نەک تەنیا بە هیچ جۆرێک بۆ ئەڵمانیا کورتناکرێتەوە، بەڵکو لەناو ئەو نەتەوانەشی لە جەنگدا بوون دژی ئەڵمانیا گەلێک بەهێز بوو، لەنێویدا وڵاتەکەی خۆیشماندا"؛ یان "نادادپەروەریی زەقوزۆپی ڕێکەوتنی ڤێرسای- کردەیەکی تۆڵەسێنانە دەرهەق بە ئەڵمانییە بەزیوەکان لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا- پشکیان هەبوو لە گەیشتنی نازییەکاندا بە دەسەڵات"؛ یان، لە ئاستێکی گشتیتردا، "فاشیزم لە دینامیکییەت و ناکۆکییەکانی سەرمایەداریی خۆرئاواییەوە سەریهەڵدا". لەکاتێکدا دەبێت بەتەواوی ئاراستەیەکی وەهای تێهزرین ڕەتکەینەوە، بەڵام بێگومان هێشتاش چارەسەرەکە بریتی‌نییە لە دارشتنی هێڵێکی جیاکەرەوە لەنێوان ئەو گوناهانەی دەکرێت لەڕووی بیرهێنانەوەوە ببەخشرێن و ئەو گوناحەش کە هێندە گەورەن شیاوی لێخۆشبوون نین. ئەم ڕێکارە دووانەییەکی تەواو نامۆ بە شێوازەکەی هیگڵ قوتدەکاتەوە. لەجیاتییەکەیدا ئەو شتەی دەبێت بیکەین بریتییە لە گۆڕینی خودی تێگەی بیرهێنانەوەی بەخشەرانە: تێگەکە لە هەر جۆرە زایەڵەیەکی لەم چەشنە داببڕین: "ئێستاکە تۆ بەخشراویت، تۆ چیتر خراپەکار نیت ."

بێگومان براندۆم ئەم کێشەیەش دەورووژێنێت: "هەندێ لەو شتانەی خەڵکانێک کردوویانە بەسادەیی وەک شتی دەرەلێخۆشبوون و نەبەخشراو دێنە بەرچاومان، تەنانەت ئەگەر بەپێی ڕەنگدانەوە و تێڕامانیش ڕەچاویانکەین. لەم حاڵەتانەدا، گەرچی

[14] Exclusive

دەشێت هەوڵبدەین پاشهاتەکانی ئەم کارە خراپانە خاوبکەینەوە، بەڵام ئەسڵەن هیچ ئایدیایەکمان نییە دەرهەق بەوەی چۆن دەستنیشانی دەرکەوتنی ڕێسایەکی زاڵ بکەین کە بکرێت خۆشمان پەسەندی بکەین")(ل٧١٦)

وەڵامە ڕاستەوخۆکەش بۆی ئەوەیە: "بەڵام ئێستا دەبێت بپرسین: ئاخۆ هەڵە و خەوشی کێیە کە کردارێک، یان دیوێکی کردارەکە، شیاوی بەخشین و لێخۆشبوون نییە- ئاخۆ خەتای ئەو کەسەیە کردارەکەی ئەنجامداوە یان هی بەخشەرەکە؟ ئایا شکستەکە بریتییە لە شکستی بریکارێکی خراپ یان شکستی بیرهێنەرەوەیەکی خراپ؟ ئاخۆ هەڵەکە پەیوەستە بەوەی شتەکان خۆیان چۆنن؟ یان لانیکەم بەشێوەیەکی بەشەکییانە ڕەنگدەرەوە و گرێدراوە بە شکستی بیرهێنەرەوەکەوە لە داڕشتنی حەکایەتێکی ڕێسا/وەڵامگۆتردا؟ [15]

بەڵام دیسان لە حاڵەتی هۆڵۆکۆستدا، ئاخۆ دەبێت ئێمە "دان بەوەدا بنێین لانیکەمی بەرپرسیارێتیی هاوتا دەکەوێتە سەرشانی بەخشەرە ناسەرکەوتووەکەش" (ل717)؟ ئاخۆ دەشبێت هاوڕا لەگەڵ براندۆمدا جارێ ئەوە بدەین "دەبێت متمانە بەوە بکەین شکستی بیرهێنەرەوە/دانپیانەریش- وەکو شکستی کردەنوێنە بنەڕەتی و بەناتەواو بەخشراوەکە- لەلایەن هەڵسەنگێنەر و بڕیاردەرەکانی داهاتووەوە سەرکەوتووانەتر دەبەخشرێت (کە زیاتر دەزانن و باشتریشن دەربارەی) (ل718)؟ وێڕای ئەوەش، ئەی چی بێژین دەربارەی حاڵەتەکانی بڕینی ئەندامی زاوزێی کچان [16] یان ئەشکەنجەدان یان کۆیلایەتی. ئێمە لەمڕۆدا ئەمانە وەک تۆقین ئەزمووندەکەین بەڵام دەشکرێت بەئاسانی ئەو بیرکردنەوەیە داڕێژینەوە وا ئەم شتانە دەکاتە شیاوی

[15] Norm-responsive

[16] Female genital mutilation

پەسەندکردن نەک تەنیا لای ئەو کەسانەی ئەنجامیانداون بەڵکو هەندێجار تەنانەت لای قوربانییەکانیش؟ ئەی چی بڵێین دەربارەی ئەو حاڵەتانەی تێیدا دیدگا ڕیترۆئەکتیڤەکە، کردارەکان زیاتر لە کۆنتێکستە بنەڕەتییەکە خۆی دەکاتە شتێکی قبوڵنەکراو؟ ئەگەر بێتو بەتوندی داوەری لەبارەی ئەم حاڵەتانەوە بکەین، نەک تەنیا ڕێسای نوێ دادەڕێژین و دەیسەپێنین بەسەر کردەکانی ڕابردوودا، بەڵکو بە مانایەک لە ماناکان ئەوەش کەشفدەکەین کە ئەم چەشنە کردارانە هەمیشە پەسەندنەکراو بوون، تەنانەت ئەگەر لای بریکار و کردەنوێنەکان خۆیشیان شیاوی قەبوڵکردن هاتبنەبەرچاو .نمونەیەکی ئاشکرا کە ئەمەی بەسەردا پیادە ببێت بریتییە لە کۆیلایەتی.

با دیسان بپەرژێینەوە سەر نمونەکەی هیتلەر و هۆڵۆکۆست. لەوانەیە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم نمونەیەدا لە چیرۆکە تەوراتییەکەی[17] پێغەمبەر حەبەقوقدا[18] ئاماژەی پێکرابێت، بەسوێترین و بەئێشترین گوزارشت لەو شتەی دەکرێت پێیبڵێین "بێدەنگیی خواکان"- دەرهەق بەو پرسیارە گەورەیەی لە پێغەمبەر ئەیوب[19] بەولاوە ئاراستەی خوا کراوە: "لەکاتی تۆقینەکەدا تۆ لە کوێ بوویت؟ بۆچی بێدەنگ بوویت، بۆچی دەستوەردانت نەبوو؟" ئەمەی خوارەوە سکاڵاکەی حەبەقوقە:

" ئەی یەزدان، هەتا کەی هانات بۆ بێنم و

تۆش گوێ ناگریت؟

---

[17] Biblical

[18] Habbakuk

[19] Job

هەتا کەی لە دەست ستەم هاوارت بۆ دێنم و

ئەتۆش ڕزگارناکەیت؟

بۆچی نارەوایی نیشاندەدەیت؟

بۆچی بەرگەی خراپە دەگریت؟

وێرانکردن و ستەم لەبەردەممە،

ناکۆکی و ڕکابەری سەرهەڵدەدات.

لەبەر ئەوە تەورات لەکارخراوە و

دادپەروەری قەت سەرکەوتوو نابێت.

خراپەکار گەمارۆی کەسی سەرڕاستی دا،

لەبەر ئەوە دادپەروەری دەشێوێنرێت [20].

خوا چۆنچۆنی وەڵامدەداتەوە؟ دەبێت بەوردی بخوێنینەوە: "تەماشای نەتەوەکان بکەن و سەرنجدەن، بەتەواوی سەرسام بن، چونکە لە سەردەمی ئێوەدا کارێکی وا دەکەم، ئەگەر باسکرێت باوەڕناکەن"[21]. ئەمە پاساوێکی "غایەتناسی یان ئامانج-تەوەری"[22]ی سادە نییە بە شێوازی "ئارامبگرە؛ ڕێگەکانی کاری خوا سەیروسەمەرەن؛ ئازارچەشتنت

---

[20] وەرگێڕانی ئەم "سکالایەی حەبەقوق" لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە: کتێبی پیرۆز، کوردی سۆرانی ستاندەر، لا 1141

[21] ه.س.پ لا 1141

[22] Teleological

له پلانی فراوانی خودایی‌دا ڕۆڵی مەبەستێک دەگێڕێت کە تۆ ناتوانیت لە گۆشەنیگا کۆتادار و تەنگەکەی خۆتەوە لێی‌تێبگەیت". لەڕاستییدا، لە گۆشەنیگایەکی مەسیحییەوە، ئەگەر بڵێین هۆلۆکۆست (یان ئازارێکی هاوشێوە) خزمەت بە مەبەستێکی باڵاتر دەکەن کە ئێمە نازانین چییە، ئەوا قێزەونی و چەپەڵییەکی دژەمەسیحییمان وتووە، چونکە مەبەست لە سۆز و میهرەبانیی مەسیح هاوپشتییەکی بێمەرجە لەگەڵ ئازارچەشتوواندا. بەڵکو، گەر بێتو دەربڕینەکەی جۆرجیۆ ئاگامبن بەکاربهێنین، دەبێت ئا لێرەدا "بوێرییەکی کامڵی بێئومێدبوون" کۆبکەینەوە. کەواتە ئاخۆ ئەوە مانای چی دەگەیەنێت کە گەرەکە "بەتەواوی سەرسام بین"، و شتێکی وەها ڕوودەدات کە باوەڕی پێناکەین، تەنانەت ئەگەر پێشمان بوترێت؟ پێدەچێت شتە باوەڕپێنەکراوەکە گەڕانەوەی جووەکان بێت بۆ خاکی بەڵێنپێدراو، لەوانەشە وا دابنرێت ئەم گەڕانەوەیە بەبێ هۆلۆکۆست ڕووینەدەدا. کەواتە لەوانەیە تەنیا لە پەیوەست بە هەبوونی [دەوڵەتی] ئیسرائیلەوە بکرێت بەشێوەیەکی ڕیترۆئەکتیڤ و پاشەوپاش هیتلەر ببەخشن، چونکە تاوانەکانی وی‌ش پشکیان هەبوو لە درووستبوونی دەوڵەتەکەدا. بەڵام لێرەدا دیسانەوە دەبێت هێجگار ورد بین: ئەمە بە هیچ جۆرێک پاساو بۆ هۆلۆکۆست ناهێنێتەوە وەک "قوربانییەک کە جوولەکەکان پێویست بوو بیدەن لەهەمبەر گەڕانەوە بۆ زێدەکەیان" (تێزی هەندێک لە دژە-سامییەکان)؛ نە ڕەوایەتی بەو بانگەشەیەش دەدات گوایە هۆلۆکۆست بەشێک بوو لە پلانێکی نهێنیی خودایی تاوەکو ئیمکانی گەڕانەوەی جووەکان بۆ نیشتیمانەکەیان بڕەخسێنێت (تێزی هەندێک لە دژەسامییەکانی تر). بەڵکو تەنیا ئەو مانایە دەگەیەنێت، دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل پاشهاتێکی چاوەڕێنەکراو و پلان‌بۆدانەنراوی هۆلۆکۆست بوو. هیچ شتێکیش دەربارەی ئەو نادادپەروەرییانەی تر ناڵێت وا لەسۆنگەی ئەم کۆمەڵە

کردەیەوە بەدیهاتن. بۆنمونە، ئەو خاکەی جووەکان بۆی گەڕانەوە ماوەیەکی دوورودرێژ بوو خەڵکی تری تێیدا نیشتەجێ بوو، و ناکرێت هێند بەئاسانی بە "موڵکی وان" دابنرێت.

لێرەدا ئەو تەڵە سەرەکییەی دەبێت خۆمانی لێ لابدەین بریتییە لە غایەتناسیی گشتگیر. ئەم غایەتناسییە بریتییە لەو ئایدیایەی شتێک، کە وەک تۆقینێک بۆ ئێمە دەردەکەوێت، دەکرێت لە گۆشەنیگایەکی فراوانترەوە، ببێتە ڕەگەزێکی بەشدار لە هارمۆنیەتی جیهانی، هەر بەو چەشنەی کە پەڵەیەک بەسەر تابلۆیەکی پانوپۆڕەوە بەشدارە لە جوانیی تابلۆکەدا، گەر بێتو لە مەودایەکی شیاوەوە بنۆڕینە تابلۆکە. میراتی ئەیوب، کە هیچ ڕوونکردنەوەیەکی لە خوا وەرنەگرت دەرهەق بە ئازارچەشتنەکەی، ڕێمان لێدەگرێت پەنا بەرینە بەر ئایدیای ستانداردی خوایەکی بڵندنشین وەک سەردارێکی نهێنی کە مانای ئەو شتە دەزانێت ئەوەتا بۆ ئێمە وەک کارەساتێکی بێمانا دەردەکەوێت: ئەو خوایەی تێکڕای وێنەکە دەبینێت کە تێیدا ئەو شتەی ئێمە وەک پەڵەیەک لێیتێدەگەین بەشدارە لە هارمۆنییەتی جیهانیدا. ئاخۆ کاتێک ڕووبەڕووی ڕووداوێکی وەک هۆڵۆکۆست دەبینەوە، یان نزیکتر لێمانەوە مردنی ملیۆنانان کەس لە کۆنگۆ، شتێکی قێزەون نییە بانگەشەی ئەوە بکەین ئەم پەڵانە بەشدارن لە هارمۆنییەتی گشتدا؟ ئاخۆ دەکرێت گشتێک هەبێت بتوانێت ڕەوایەتی و پاساو بۆ ڕووداوێکی وەک هۆڵۆکۆست بهێنێتەوە و بەم پێیەش چارەیبکات؟ مەرگی مەسیح بەسەر خاچەوە ئەو مانایە دەگەیەنێت ئێمە دەبێت بکەوین و دەستهەڵگرین بەبێ ئەوەی خۆمان لە تێگەی خودا وەک چاودێرێکی بڵندنشیندا قەتیسبکەین؛ چاودێرێک گوایە گەرەنتی بەرەنجامی دڵخۆشانەی کردەکانمان دەکات- گەرەنتیکاری تیلیۆلۆژی و غایەتناسیی گشتگیر. مەرگی مەسیح بەسەر خاچەوە بریتییە لە مەرگی

ئەو خودایە. ئەم مەرگە ئاقیبەتی ئەیوب دووپاتدەکاتەوە، لەڕێگەی ڕەتکردنەوەی هەر "مانایەکی قووڵتر"ـەوە کە واقیعییەتی دڕندەی کارەساتەکان پەردەپۆش و لوغزاویدەکات. تەنانەت نوسخەیەکی تۆکمەتری ئەم لۆژیکەش- ئایدیای ئەوەی کە لێخۆشبوون مانای سڕینەوەی ناوەڕۆکە دیاریکراوەکە ناگەیەنێت، بەڵکو داننانە بەوەی ئەم ناوەڕۆکە دیاریکراوە پێویستە بۆ کردەکیبوونەوە و بەدیهاتنی چاکەی گەردوونی- بە ڕادەی پێویست تۆکمە نییە .

## شیتەڵکردنی ڕابردوو [23]

**بیرهێنانەوەی بەخشەرانە**، وەک تێگەیەکی ناڕوون دەمێنێتەوە. لە فەزای ئەخلاقیدا دەکرێت بە "هەوڵی تێگەیشتن لەو شتەی بۆ ئێمە وەک خراپە دەردەکەوێت" بخوێنرێتەوە- واتە دارشتنەوەی هاندەرێکی ئەرێنیی شاراوە کە بە شێوازێکی لادەر گوزارشتی لێکراوە. بەهەرحاڵ، ڕیترۆئەکتیڤیتە دەلالەت لە ڕەهەندێکی گەلێک ڕادیکاڵتری هەڵکەوت دەکات: شتەکان بریتی نین لەوەی کە هەن، بەڵکو بریتین لەوەی کە "دەبن ."[24] دوای ئەوەی ڕوویاندا حەقیقەتەکەیان یەکلادەکرێتەوە:

"لێخۆشبوونی کردەیی و کۆنکرێتی ئەنجامدانی شتگەلێک لەخۆدەگرێت بۆ گۆڕینی پاشهاتەکانی کردەکە. بۆنمونە، دەکرێت کەسێک متمانە بە جێگرەوە و پاشینانی خۆی بکات تاوەکو وابکەن قوربانیدانەکەی یان بڕیاری ڕۆیشتنی بۆ جەنگ، ببێتە شتێکی

---

[23] Parsing the past

[24] Will have been

شایستە و بایەخدار، ئەمەش لەبەر ئەو بەرەنجامەی ئەم کارانە دواجار سەریانکێشا بۆی- لەبەر ئەو شتەی ئێمە لێمانەوە داتاشی بەهۆی ئەنجامدانی جیاوازتری شتەکان لە دواتردا. ئەو شتەی من کردوومە نابێت وەک هەڵە یان تاوان مامەڵەی لەگەڵدابکرێت، وەکئەوەی دادوەرێکی دڵڕەق دەیکات، چونکە ئەو شتەی کردوومە هێشتا یەکلانەبۆتەوە. کرداری کەسانی تر لە دواتردا دەکرێت کاربکەنەسەر پاشهاتەکانی کردەکەم و بەم پێیەش سەر ناوەڕۆکی ئەوەی کردووشمە. داوەرییە دڵڕەقەکە بەهەڵە وای دادەنێت کردارەکە کۆتاییهاتووە، و ئەوەتا بەتەواوی فۆرمڕێژکراوە، و ئۆبێکت یان بابەتێکی شیاوە بۆ هەڵسەنگاندن بەدەر لەو شتەی دواتر کراوە...ڕۆڵی ڕووداوێکی دیاریکراو لە پلانە پەرەسەندووەکە بەندە لەسەر ئەوەی چ شتێکی تر ڕوودەدات" (ڕۆحی متمانە، ل٦٢)

لە ئاستی فاکتە ڕاستەوخۆکاندا، شتەکان هەر ئەوەن کە هەن. لە هۆڵۆکۆستدا ملیۆنان کەس مردن. هیچ شتێک بەشێوەیەکی ڕیترۆئەکتیڤ و پاشەوپاش ناتوانێت ئەمە بگۆڕێت. ڕابردوو دەکرێت تەنیا لە ئاستی نێوانگرییە ڕەمزی (symbolic mediation)کەیدا بگۆڕدرێت- بیرکردنەوە لێی بۆ خەڵکی چ مانایەک دەگەیەنێت. بەڵام لێرەدا شتەکان دەئاڵۆسکێن. ئەی چی لەبارەی ئەو حاڵەتەی هەر هیگڵ خۆی ورووژاندوویەتی بڵێین؟ حاڵەتێک تێیدا بریکارێک لەسۆنگەی باشترین نیەتەوە دەجووڵێتەوە، بەڵام پاشهاتە چاوەڕێنەکراوەکان کارەستئامێزن؟ ئایا لێرەدا بیرهێنانەوەی بەخشەرانە، چ ڕۆڵێکی هەیە؟ ئاخۆ داوەرەکە دەتوانێت بەهۆی سەلماندنی ئەوەی کە ڕێتێچووترین پاشهات دەکرا دڵخواز و دڵپەسەند گیرسابایەوە، و کارەساتەکە بەهۆی ڕووداوگەلێکی پێشبینینەکراوەوە بەدیهاتووە، لێخۆشبوونێکی بەشەکی داڕێژێت؟ ئەی چی دەبێت ئەگەر ئاستی سێیەمیش بۆ سەر دووانەییەکە

بێنێنەئاراوە؛ واتە بۆ سەر دووانەیی نیەتە سوبێکتیڤەکەم لە ڕاییکردنی کارێکدا و دەرەنجامە ئەکچواڵەکەی کردەکەشم- ئاستی هاندەرە نەستەکییەکان؟ نابێت بە هیچ جۆرێک ئەم ئاستی سێیەمە بۆ ئەوە کورتبکرێتەوە: وادابنرێت هاندەرگەلێکی ژێرەوانکێی نزم هەن وەک حەقیقەتی شاراوە لەپشت هاندەرە بەئاشکرا دانپیانراو و خانەدانەکانەوە ڕۆڵدەگێڕن: بۆنمونە، کاتێک کەسێک بانگەشەی ئەوە دەکات لە سۆنگەی هەستکردن بە ئەرکدارییەوە کارێکی ئەنجامداوە، کەچی بەفیعلی تۆڵەسەندنەوە دنەی دابوو وابکات- بەڵکو دەبێت حاڵەتە پێچەوانەکەش لەخۆبگرێت، بۆنمونە، لەکاتێکدا وای بۆدەچووم لەسۆنگەی لارەمەیلێکی پاتۆلۆژییانەی تایبەتەوە کارێکم ئەنجامداوە، کەچی بەکردەیی هەستێکی قووڵتر بە عەدالەت بۆ ئەم کارە ڕایژەندبووم.

ئەگەر قایل بین بەوەی کە گرنگیی ئەکچواڵی کردەیەک ئەو شتەیە کە "دەبێت"[25][واتە ئەو شتەی بەپێی خاڵێک لە داهاتوودا "بووە" و "ڕوویداوە"؛ بۆیە دەکرێت بشڵێین: "دەبوو"]، ئەوا دەستدەخەینە سەر خاڵێکی پارادۆکسانەی ئاکار، کە بێرنارد ویلیامس بە "بەختی ئاکاری (moral luck)" ناوزەدیکردووە) بەختی ئاکاری، 1981). ویلیامس ئاماژە بە حاڵەتی "گۆگان"ــی نیگارکێش دەکات. گۆگان هاوژین و منداڵەکانی بەجێهێشت و بەمەبەستی پەرەپێدانی بلیمەتییە هونەرییەکەی، بەرەو تاهیتی ملی ڕێی گرتەبەر. ئایا ئەم کارەی گۆگان لەڕووی ئاکارییەوە ڕەوا بوو یان نا؟ وەڵامەکەی ویلیامز ئەوەیە ئێمە تەنیا دەتوانین بەهۆی نیگای ڕووەو دواوە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، دوای ئەوەی دەرەنجامی بڕیارە مەترسیدارەکەی دەزانین: ئاخۆ ئەو بوو بە هونەرمەندێکی بلیمەت یان نا؟

[25] "will have been"

کتومت هەمان شت دەرهەق بە دیدی ئیمانوێل کانتیش بۆ پێگەی یاسایی شۆڕش ڕاست دەکەوێتەوە: گوزارەی تەرحکراوی "ئەو شتەی شۆڕشگێران دەیکەن تاوانە و شایەنی سزادانە"، شتێکی ڕاست و درووستە ئەگەر بێتو لە سەروبەندی بەردەوامبوونی شۆڕشدا بگوترێت؛ بەڵام هەرکە شۆڕش سەرکەوت و نەزمێکی یاسایی نوێی بنیاتنا، ئیدی ئەم دەربڕینە دەربارەی پێگەی یاسایی هەمان کردە، کە ئێستا تێپەڕیوە، چیتر درووست نییە .

ئەمەی خوارەوە بریتییە لە وەڵامەکەی کانت بۆ پرسیاری "ئاخۆ شۆڕش ئامرازێکی ڕەوایە بۆ خەڵک تاوەکو لە تووڕدانی نیڵەی کەسێکی ستەمکار بەکاریبهێنن؟:"

«کاتێک ستەمکارەکە لەسەر کار لادەبرێت و تەختوتاجی لێدەسەنرێتەوە، هیچ نادادپەروەرییەکی دەرهەق ناکرێت. ئەم خاڵە هیچ گومانێکی تیا نییە. وێڕای ئەوەش، تا ئەوپەڕی بۆ ڕەعیەت[26] ناڕەوایە بەم شێوازە هەوڵی دەستڕاگەیشتن بە مافەکانیان بدەن. گەربێتو لە ململانێکەدا شکستبهێنن و ئینجا بە توندترین شێوە سزابدرێن، ناتوانن لە ستەمکارەکە زیاتر لە ئەگەری سەرکەوتنی واندا، گلەیی دەربارەی ناعەدالەتی بکەن...» (ئاشتیی هەمیشەیی، 1795، ل40).

ئاخۆ کانت لێرەدا نوسخەکەی خۆی دەرهەق بە "بەختی ئاکاری" یان وردتر "بەختی یاسایی" ناخاتەڕوو؟ پێگەی یاسایی شۆڕش بەشێوەیەکی ڕیترۆئەکتیف یەکلادەکرێتەوە: ئەگەر شۆڕشەکە سەرکەوێت و نەزمێکی یاسایی نوێ داڕێژێت، ئەوا ئیدی شۆڕشەکە سووڕە بازنەییە دزێوەکەی خۆی دەهێنێتەئاراوە: لەگەڵ کاراکردنی پارادۆکسی بناغەداڕشتنی خۆی بەشێوەیەکی پاشەوپاش، ڕەگوریشە نایاساییەکانی خۆی

26 Subjects

دەسرێتەوە. تەنانەت کانت دوو لاپەڕە پێشتر ئەم پارادۆکسە بە ڕوونتریش دەردەبڕێت: "ئەگەر شۆڕشێکی توندوتیژ، سەرچاوەگرتوو لە دەستورێکی خراپەوە، بەهۆی ئامرازگەلێکی نایاساییەوە دەستورێکی یاساییتر بهێنێتەئاراوە، گەڕانەوەی خەڵک بۆ دەستورەکەی پێشوو ڕێپێدراو نییە؛ بەڵام لەکاتێکدا شۆڕشەکە درێژەیکێشا، هەر کەسێک بەئاشکرا بێت یان بەپەنامەکی بەشداریی تیا کردبێت سزای ئەو کەسانە وەردەگرێت وا یاخی بوون». ناکرێت لەمە ڕوون و ڕاشکاوتر بین: پێگەی یاسایی هەمان کردە بە تێپەڕینی کات گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەو شتەی لە کاتی شۆڕشدا تاوانێکی شیاوی سزادانە، لە دوای دامەزراندنی نەزمێکی یاسایی نوێ پێچەوانەدەبێتەوە. وردتر، تاوانەکە ئاوادەبێت، وەک **هەڵقەیەکی ونبوو** کە بەشێوەیەکی ڕیترۆئەکتیڤ خۆی لە دەرەنجامەکەیدا دەسرێتەوە.

تەفسیرێکی ئاوا ڕیترۆئەکتیڤانە بەبەردەوامی لە ڕەهەندێکی سەر بە پانتایی ڕەمزیدا ڕوودەدات. کاتێک شتێک دەڵێم یان شتێک دەکەم، وشەکان و کردەوەکانم تەنیا گوزارشت لە نیەتی ناوەکیی من ناکەن. بەڵکو ماناکەیان بەشێوەیەکی ڕیترۆئەکتیڤ لەڕێی پەیوەستبوونیانەوە بە ئەویتری گەورەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت. چیرۆکەکەی ئیتالۆ کالڤینۆ(یەکێک لە ڕۆژە قەشەنگەکانی مارس-١٩٩٣)، سەرنجی خۆی لەسەر پاشهاتە نەخوازراوەکانی کوشتنی یۆلیۆس قەیسەر چڕدەکاتەوە. کاتێک پیلانگێڕەکان ویستیان کابرای ستەمکار بکوژن و ڕۆما بگەڕێننەوە دۆخی شکۆمەندانەی کۆماریی خۆی، کردەوەکەیان ئەو دۆخەی هەڵوەشاندەوە وا مانا و مەرامی کردەوەکەی ڕادەگرت. هەروەک ئەوەی مۆلی ڕۆتەنبێرگیش دەیڵێت: "هەمان ئەو جیهانەی تێیدا دەربازبوون لە چنگی قەیسەر مانای هەبوو، لەگەڵ ئەم زەبری شمشێرانەی وا بەر قەیسەر کەوتن لەدەستچوو- نەک لەبەر ئەوەی قەیسەر ئەو جیهانەی ڕاگرتبوو، بەڵکو لەبەر ئەوەی بکوژەکان نەیاندەتوانی پێشبینی ئەوە بکەن کردارەکەیان گۆڕان بەسەر

شێوازی حوکمدانیشدا دێنێت لەمەڕ کردارەکە. ئەوان نەیاندەتوانی ڕۆڵیان لە مێژوویبوونی کردارەکەی خۆیاندا هەبێت: نە ئەوان و نە کەسی تریش ناتوانێت پێشبینی بکات یاخۆ حوکمی ئەوە دەرکات داهاتوو چۆن تیرۆرەکە تەفسیردەکات. بە گوزارشتێکی تر، هەروا ڕێیەکی ئاسان لەئارادا نەبوو حسێب بۆ -شوێنەواری ڕیترۆئەکتیڤانە-ـی تەفسیرەکانی داهاتوو بکرێت"[27].

وەرن با نمونەیەکی زێدەڕۆیانە لەمەڕ "بیرهێنانەوەی بەخشەرانە" بێنینەوە(بێئەوەی زۆریش بەخشەرانە بێت- زیاتر پەیوەندیدارە بە دانەپاڵێکی ڕیترۆئەکتیڤانەی بەرپرسیارێتی و گوناهەوە). کەسێک ئەو سەرنجە ڕوون و ڕاشکاوە دەخاتەڕوو کە زۆربەی سێکسکردنەکان لە ڕابردوودا، هەتا دەوروبەری سەرەتا یان بگرە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمیش، بەپێی پێوەرەکانی ئەمڕۆ بە دەستدرێژی و لاقەکردن دادەنرێن؛ دەشڵێت ئەمە ئاماژەیەکی هەرەڕوونە بۆ پێشکەوتن.

ئەوەی لێرەدا سەروکارمان لەگەڵیدایە بریتییە لە سیفەتە سەرەکییەکەی پانتایی ڕەمزی: ئەمە کرانەوە(openness) بنەڕەتییەکەی پانتایی ڕەمزی بەڕووی واقیعدا پیشاندەدات: بە دەربڕینێکی تر، هەرکات چووینەناو پانتایی ڕەمزییەوە، ئیدی شتەکان هەروا بەو سادەییە لەویا نین، بەڵکو "دەبن بەوەی کە هەن": بەشێک لە بوونی خۆیانیان لە داهاتووەوە قەرزکردووە. ئەم لەسەنتەرخستنە، ڕێکەوتێک پیشاندەدات کورتنابێتەوە بۆ شتی تر. هیچ تیلیۆلۆژیایەکی قووڵتر لەگۆڕێدا نیە، هیچ دەسەڵاتێکی شاراوە و نهێنییش هەر لەگۆڕێدا نیە تا بەختەوەریی داهاتوو گەرەنتیبکات.

بههۆی مەعریفەکەشیەوە بۆ هیگڵ، براندۆم ناچارە ئەم دیوە ڕوولەدوا[28]یە ماهیەتی پێشکەوتنی مێژوویی قبوڵبکات: «پێشکەوتن، بەشێوەیەکی ڕوولەدوا شتێکی ناچارییە. شتەکە بەو جۆرە نیە کە قۆناغێکی دیاریکراو هەر دەبوایە بەو جۆرە پەرەیبسەندایە وا

[27] The Excessive Subject, 2010, p.7
[28] retrospective

ئەو شتەی بەرهەمهێنا کە وەک میراتگری وی دەردەکەوێت. بەڵکو جێگرەوە و میراتگرەکە (و دواجاریش دارشتنە دوایینەکە- تا ئێستا- سەرکەوتوو و بەترۆپکگەیشتووەکە) نەیدەتوانی دەرکەوێت تەنیا وەک گەشە و پەرەسەندنی ئەوانەی پێشوو نەبێت. زەروورەت لای هیگڵ هەمیشە شتێکی ڕووەو دوایە: کونەپەپووی مینێرڤا لای ئێواران دەداتە شەققەی باڵ-ل٦٠٨». تا ئێرە ئۆکەی. بەڵام براندۆم هەر بەردەوامدەبێت: «پەرەگرافەکە بە دەربڕینێکی هیگڵ دەربارەی متمانە کۆتاییدێت: بانگهێشتەکەی بۆ نەوەی داهاتوو تاوەکو ئەو کارە بۆ سەردەمی خۆیان بکەن کە ئەو خۆی بۆ سەردەمی خۆی کردی: بۆ قبوڵکردنی کارێکی بیرهێنەرەوەی بەخشەرانەی تەفسیر کە مێژوویەکی عەقڵانی دەخوڵقێنێت».

من، ئەم بازدانە بەرەو داهاتوو، ئەم بڕوابوونە بە پێشکەوتن، بە شتێکی تەواو نەخوازراو دەبینم و تەواو ناکۆکیشە لەگەڵ هەڵوێستە میتافیزیکییە بنەڕەتییەکەی هیگڵدا. بۆ؟ چونکە دەلالەت لە کەلێنێک دەکات لەنێوان دوو ئاستدا: لەنێوان هەریەکە لە فیکرە واقیعی و کردەییەکەی هیگڵ(گرێدراو بە مەعریفەی سەردەمەکەیەوە؛ ڕەنگرێژکردنی خۆڵەمێشی لەسەر خۆڵەمێشی)، و ئەو تێڕوانینەش کە هیگڵ دەخاتە نێو زنجیرەیەکی پێشکەوتنگەراوە-کە براندۆم ئاوا وەسفی دەکات «بازنەی ناسینگەرای دانپیانان، متمانە، بەخشینی بیرهێنەرەوە، و بەشوێنیشیدا دانپیانان با بەسنەبوونی ئەم بەخشینە و متمانەکردن بە بەخشینی دواتری ئەم شکستە»(ل٦١٠). ئەو کارەشی کە هیگڵ بۆ هەموو ڕابردوو ئەنجامیدا تا دەگاتە سەردەمی خۆی("بەکۆبیرهێنانەوە"ـی بەرەو کۆیەتییەکی عەقڵانی)، براندۆم خۆیشی هەوڵدەدات هەمان شت لەگەڵ هیگڵ بکات(دارشتنەوەی فیکری هیگڵ بەپێی زاراوە هاوچەرخەکان و هتد)، هەروەها ئەویش خوێنەرانی داهاتووی خۆی داوەتکردووە هەمان کاری لەگەڵ بکەن. دەگەڕێینەوە سەر ئەوەی کە هیگڵ پێی‌دەوت ناکۆتای ساختە(spurious infinity).

ئەمە دیوێکی تری نایەکانگیرییەکەیە. گەر زەرووڕەتی مێژوویی، هەمیشە ڕوولەدوایە، ئەوە چیە ڕەوایەتی دەداتە براندۆم ئایدیای زانینی موتڵەقی هیگڵ وەک شتێک بخوێنێتەوە کە دەکەوێتە ئەودیوی "ڕەنگڕێژی خۆڵەمێشی لەسەر خۆڵەمێشی"، و ئاماژە بۆ داهاتوویەکی کۆمەڵایەتیی ڕزگاربوو بکات لەودیوی ئەنتاگۆنیزمەکانی مۆدێرنەی نامۆبووەوە: بەرەو لای ئەوەی کە براندۆم خۆی ناویدەنێت قۆناغی سێیەم( Third Phase)؟ ئەو دەنوسێت: «بەرزەفڕییە حەپەسێنەرەکەی هیگڵ ئەوەیە کە...بەرەو سەردەمێکی نوێی ڕۆحی زەمانە(Geist)مان ببات، ئەوەی کە بونیادە ڕێسامەندەکەی هێندە لە مۆدێرن پێشکەوتووترە کە بەو ڕادەیە مۆدێرنیش لە ترادسیۆن پێشکەوتووترە»(ل٦١٤). بەڵام ئاخۆ جووڵەیەکی شیاوی هیگڵی بەو جۆرە نیە فەزایەکی کراوە بۆ بەدیهاتنی ڕیترۆئەکتیڤانە بهێڵێتەوە، کە ئەم داهاتووە پرشنگدار(تر)ـە، ئەم قۆناغی سێیەمە، ئەنتاگۆنیزمی چاوەڕواننەکراو و فۆرمی جیاجیای توندوتیژی لەگەڵ خۆی دێنێت؟ وێڕای ئەمەش، چی دەبێ گەر ئێمە ڕێک لەبەر ئەمە ببەخشرێین: لەبەر ئەو هیوا قرچۆڵەی کە دەتوانین زۆرتر لە "ڕەنگڕێژی خۆڵەمێشی لەسەر خۆڵەمێشی" ئەنجامدەین و لەجیاتییەکەیدا هێڵە گشتییەکانی داهاتوویەکی نوێ بکێشین کە ڕزگاریی تەواوەتیی تیایە و پێشکەوتنیشی تیا بەردەوامە؟ ئاخۆ ئەوە شتێکی نزیکتر لە ڕۆحی هیگڵ نییە گریمانەی ئەوە بکەین ئەم قۆناغەش بە جۆرێک لە جۆرەکان بەتۆقێنەرانە ڕێیەکی هەڵە دەگرێتەبەر، وەکئەوەی لە فاشیزم و ستالینیزم و هتد ڕوویدا؟ بۆنمونە، هێندە بەس نییە ئەو قەوانە کۆنە لێبدەینەوە کە چۆنچۆنی دیدە نەجیبانەکەی مارکس خراپ بەگەڕخرا، و چۆنیش نابێت ئەو خۆی بە بەرپرسیاری ئەم خراپ بەکارهێنانە دابنرێت. لەبری ئەوە، مارکس لەو ڕووەوە دەبێت "ببەخشرێت" کە نابینا ماوەتەوە دەرهەق بەوەی چۆن تیۆروانینی بۆ کۆمۆنیزم دەتوانێت فۆرمی نوێی سەرکوت و تیرۆر بێنێتەئاراوە.

# دەرەنجام

جا پێویستە ئاوا ئەنجامگیری بکەین: ئاخۆ پێویستناکات پێچێک بەدوری تێمای "ڕۆحی متمانە"ــی براندۆمدا لێدەین؟ ئایا قووڵترین تایبەتمەندیی ئسلوبێکی ڕاستەقینەی هیگڵی دەربارەی ڕۆح، بریتی نیە لە ڕۆحی بێمتمانەیی؟ بە دەربڕینێکی تر، ئەکسیۆمە بنچینەییە هیگڵییەکە گریمانەیەکی گشتبینانەی غایەتناسانە نیە، کە هەرچەندە ڕووداوێکی تۆقێنەر بێت، کەچی لەکۆتاییدا هەر بادەداتەوە بەلای هەماهەنگیی گشتیی جیهان و مێژوودا. لەبری ئەوە، بنەما بەڵگەنەویستکە و ئەکسیۆمەکەی ئەوەیە کە گرنگ نیە ئایدیایەک یان پرۆژەیەک بەرنامەی تەواوی بۆ دارێژرابێت یاخۆ بە نیەتێکی باشەوە ئەنجامدرابێت، شتەکە بەجۆرێک لە جۆرەکان هەر کێشەی دێتەڕێ: پۆلس، جڤاتی ئۆرگانیی یۆنانی کۆن تووشی شەڕی براکوژی هات، وەفاداریی سەدەکانی ناوەڕاست کە لەسەر شکۆ و شەرافەت دامەزرابوو کەچی وەرچەرخا بەرەو مەراییەکی پووچ، تەقەللای شۆڕشگێڕانە بۆ ئازادیی گەردوونی وەردەگەڕێت بۆ تیرۆر و تۆقان. قسەی هیگڵ ئەوە نیە ڕێ لەم وەرچەرخانە خراپە بگیرێت، بۆنمونە بڵێین گەر شۆڕشگێڕانی فەڕەنسا خۆیان ببەستایەتەوە بە هێنانەدیی ئازادیی کۆنکرێتییەوە ئیدی لە هەرێمی جیاجیادا لەبری ئەوەی بێنو ئازادیی ئەبستراکت و یەکسانی بۆ هەموان بێننەدی، ئەوا خوێنڕشتن دەوەستێنرا. بەڵکو گەرەکە ئەوە قبوڵکەین کە هیچ ڕێیەکی ڕاستەوخۆ بوونی نیە بەرەو ئازادیی کۆنکرێتییمان ببات؛ کە "ئاشتبوونەوە"کەمان لەو ڕاستییەدا نوستووە ئێمە خۆمان دەدەینە دەم هەڕەشەیەکی بەردەوامی وێرانکارییەوە کە هەر ئەوە خۆیشی مەرجی ئازادییەکەمانە.

دیدی هیگڵ بۆ دەوڵەت، نەزمی هیرارشیی دەوڵەتۆکە و [مەملەکەتەکانە] کە بەهۆی هەڕەشەی جەنگێکی بەردەوامەوە بەتەنیشت یەکترەوە ڕاوێستاون. بۆیە چی دەبێ گەر بێتو بەرەوپێشچوونێک لەبەرچاوبگرین وا لەمە زیاتر تێدەپەڕێت- واتە بەرەو

لیبراڵدیموکراسییەکی پۆستهیگڵی؟ شتێکی ئاسانە وێنای ئەو سەرمەستییە بکەین وا هیگڵی دادەگرت گەر هاتباو خەریکی شیکردنەوەی ئەوە بایە چۆن کۆمەڵگایەکی لیبراڵ سەردەکێشێت بۆ فاشیزم، یان چۆن پرۆژەیەکی ڕزگاریی ڕادیکاڵ بە ستالینیزم کۆتاییدێت. بە لای هیگڵەوە ئەوەش ئاسان دەبوو ئاماژە بەوە بکات چۆن کوشتارە گەورەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی وەک [بەرەنجام و] حەقیقەتی بەرەوپێشچوونی پلەپلە و ئاشتییانە لە سەدەی نۆزدەمدا سەریانهەڵدا. **هەر ئەمەش،** ئەرکی ئێمەی هیگڵییە لەمڕۆدا [شیکردنەوەیەکی وەها ئەنجامبدەین].

سەرچاوە:

ماڵپەڕی: philosophynow